# ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکتاتۆری و دیموکراسی

**(ڕۆڵی دەرەبەگ و جووتیار لە بنیاتنانی جیهانی مۆدێرندا)**

Social Origins of Dictatorship and Democracy: Lord and Peasant in the Making of the Modern World

**برینگتۆن مۆڕ** (Barrington Moore: 1913-2005 **)**

پەرتووکی ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکتاتۆری و دیموکراسی کە لە لایەن "برینگتۆن مۆڕ"، کۆمەڵناسی سیاسیی بەناوبانگی ئەمریکا، نووسراوە، هەر لە کاتی یەکەم وەشانی خۆی لە ساڵی 1966 تاوەکوو ئێستاکە، بە هۆی جۆراوجۆرەوە گرنگی و نفووزێکی زۆری لەنێو زانا و لێکۆڵەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەیدا کردووە. ئەم پەرتووکە بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی کۆمەڵناسیی بەراوردکاری-مێژوویی، بەدوای دۆزینەوەی ڕیشە مێژووییەکانی بارودۆخی سیاسیی جیهانی سەردەمدایە و، چۆنێتیی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی نەریتی بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی دەخاتە بەر باس و لێکدانەوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم پەرتووکە دۆزینەوەی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی پەرەپێدان و نوێبوونەوە و، هەروەها یاساکانی وەرچەرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان. بەڵام لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی ڕێبەر و ڕژێمە سیاسییە تایبەتەکان بۆ پەرەپێدان و نوێبوونەوە و وەرچەرخان چیتر گرنگیی پێشوویان نامێنێت. بە بڕوای "برینگتۆن مۆڕ" ئەگەر ڕوودانی شۆڕشێك پەنجا ساڵیش وەپاش بکەوێت زۆر گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە گرنگە ئەوەیە کە ڕێگە و شێوازی مۆدێرنیزاسیۆن و دەرهاوێشتە و ئاکامە درێژخایەنەکانییەتی.

تیۆریی "مۆڕ"، لەگەڵ دوو دەستە لە تیۆرییەکانی زاڵ و باوی سەردەمدا ناکۆکیی هەیە. ئەم دوو دەستەیەیش بریتین لە تیۆرییەکانی نیۆمارکسیزم دەربارەی پەرەپێدان و دواکەوتوویی و تیۆرییەکانی پەرەپێدانی هێڵی لەنێو تیۆریسییەنە ڕۆژاواییەکاندا. بە ئاگاداربوون و چاوپێداخشاندنێك بەم تیۆرییانە، باشتر دەتوانین لە بەڵگەکانی "مۆڕ" تێ بگەین. "مۆڕ" هۆکارە ناوخۆییەکانی پەرەپێدان و دوواکەوتوویی، بە هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕەوشە دەزانێت. هەروەها "مۆڕ" پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی وڵاتان و ڕیشە و ئاکامە جۆراوجۆر و جیاوازەکانیان دەخاتە بەردەم لێکۆڵینەوە. بەتایبەت شێوازەکانی چەوساندنەوەی ئابووریی چینە بەرهەمهێنەرەکان لە لایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە، کە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، بە یەکێك لە ڕێگە سەرەکییەکانی دەستنیشانکەری مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بەم پێیە هەرچەندە "مۆڕ" گرنگیی زۆر بە هۆکارە ناوخۆییەکانی پەرەپێدان و نوێبوونەوە دەدات، بەڵام هۆکارەکانی دەستنیشانکەر و یەکلاکەرەوەی ئەم پرۆسەیە، لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەدۆزێتەوە. هەروەها بەپێچەوانەی "مارکس ڤیبەر" و لایەنگرانی تیۆرییەکانی ناوبراو، هۆکارە کەلتوورییەکان بە ڕەنگدانەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت؛ چونکە "ڤیبەر" لانی کەم یەکێك لە هۆکارەکانی دەستنیشانکەری سەرهەڵدان و پەرەپێدانی سەرمایەداری لە ڕۆژاوا، لە پێکهاتەی بڕوایی و ئەخلاقیی ئایینی کۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە.

“مۆر” دەربارەی ڕێگە و شێواز و ئاکامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، لەگەڵ کۆمەڵێك لە تیۆریسییەنەکانی هاوچەرخدا ناکۆکە. “مۆر” دەیەوێ بڵێ کە مێژووی چەند سەدەی دوایی، ئەوە دەردەخات کە سێ ڕێگەی گشتی بۆ مۆدێرنیزاسیۆن لە ئارادان: یەکەم شێواز، ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆنی دیموکراتیك و سەرمایەدارانە بووە. لەو دەوڵەتانەی کە بەم شێوەیە نوێ بوونەتەوە، چینێکی نوێ بە بنکەیەکی سەربەخۆی ئابووری لە چینی دەسەڵاتداری نەریتی سەری هەڵدا و دروست بوو و، توانیی لە ڕێگەی شۆڕشەوە بەشێك لەو چینە دەسەڵاتدارە لەناو ببات، وەکوو: بریتانیا و فەڕەنسا.

دووەمین شێوازی مۆدێرنیزاسیۆنی وڵاتان لە ڕێگەی شۆڕشی پارێزگارانەوە بووە، کە لە ئەڵمانیا و ژاپۆن ڕووی دا. لەم شێوازەدا چینی سەرمایەداری بازرگان و پیشەساز بە هۆی لاوازیی خۆی، ناچار بوو بۆ مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی نەریتەکانی کۆمەڵگەدا، لەگەڵ چینی خاوەن زەوی، هاوپەیمانی و هاوبەندییەك پێك بێنێت. بنەمای سەرەکیی ئەم شیوازە، پێکهێنانی بەرە و هاوپەیمانێتییە لە نێوان ئەم دوو چینەدا؛ بەڵام ئەم شێوازەیش ڕێگەیەکی سەرمایەدارانەیە و، لە کۆتاییشدا گەیشتە سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم.

ڕێگەی سێیەمی مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕوانگەی “مۆر”ەوە، شێوازی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمۆنیستییە. ئەم شێوازە لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕووی دا، کە چینە دەسەڵاتدارەکانیان نەیانتوانیوە مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدەن. هەروەها بیرۆکراسیی دەوڵەتییش ڕێگەی لە گەشەکردنی گرووپە بازرگان و پیشەسازییەکان گرتبوو. لە ئاکامدا چینی ناوەڕاست گەشەی نەسەند تاوەکوو لانی کەم بە شێوازی ڕێگەی دووەمی مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ ئەریستۆکرات و خانەدانە خاوەن زەوییەکان هاوپەیمانێتییەك پێك بێنێت. لە ڕوانگەی “مۆر”ەوە، بۆ پەرەپێدان و مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی، تێپەڕین لە یەکێك لەم سێ ڕێگەیە بە ناچاری بووە و بێجگە لەم سێ ڕێگەیەیش ڕێگەیەکی تر بۆ گۆڕانگاری و مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە لە ئارادا نییە و بوونی نییە. هەموو ئەم شێوازانەیش بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی کەڵەکەبوون و هەروەها بەکارهێنانی زیادەی ئابووریی و سەرمایەی کۆمەڵگەیە.

بەگشتی ئامانجی ئەم پەرتووکە، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ڕۆڵە سیاسییەکانی چینە خاوەن زەویی و جووتیارەکانە لە نوێبوونەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە کە ئابوورییان لەسەر بنەمای کشتوکاڵییە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، پرسی سەرەکیی ئەم پەرتووکە، دۆزینەوە و لێکدانەوەی چۆنێتیی کاریگەریی ئەم چینانەیە لە سەرهەڵدانی دیموکراسیی پەرلەمانی و، هەروەها دیکتاتۆریی چەپ و ڕاستەکانە (واتا فاشیزم و کۆمۆنیزم).

ئەم پەرتووکە بەسەر سێ بەشی سەرەکی و نۆ باسدا دابەش کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم: تیۆری**

باسی یەکەم: ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆنی دیموکراتیك

باسی دووەم: شۆڕش لە سەرەوە و ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆنی فاشیستی

باسی سێیەم: شۆڕشی جووتیاری و ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمۆنیستی

**بەشی دووەم: ڕیشە شۆڕشگێڕانەکانی دیموکراسیی سەرمایەداری**

باسی چوارەم: بریتانیا و ڕۆڵی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە لە پەرەپێدانی دیموکراسی

1. ڕۆڵی ئەریستۆکراتەکان لە دروستبوونی کشتوکاڵی بازرگانی
2. ڕیشەکانی پەیوەست بە زەوی لە جەنگی ناوخۆییدا
3. بزووتنەوەی "دیوارهەڵچنین" و لەناوچوونی چینی جووتیار
4. سەرکەوتنی سەرمایەداری و حکوومەتی ئەریستۆکراتەکان

باسی پێنجەم: وەرچەخان و گۆڕانگاریی قۆناغ بە قۆناغ و شۆڕش لە فەڕەنسا

1. جیاوازییەکانی ڕێگەی پەرەپێدانی فەڕەنسا و بریتانیا و هۆکارەکانی
2. کاردانەوەی ئەریستۆکراتەکان بە شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی
3. پەیوەندییە چینایەتییەکان لە سەردەمی ئیستیبدادی پاشایەتیدا
4. هێرشی ئەریستۆکراتەکان و ڕووخانی ئیستیبداد
5. ڕادیکاڵیزمی جووتیاری لە سەردەمی شۆڕشدا
6. بزووتنەوەی جووتیاران لە دژی شۆڕش
7. دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی تیرۆری شۆڕش
8. پێداچوونەوەیەك بە خاڵە سەرەکییەکان

باسی شەشەم: جەنگی ناوخۆی ئەمریکا یاخود دوایین شۆڕشی سەرمایەداری

1. ئایا لە نێوان کێڵگە کشتوکاڵییە بازرگانییەکان و کارگە پیشەسازییەکاندا پێکدادان حەتمی و ناچاری بوو؟!

2- کێشە و گرفتی سێ ڕەهەندی پەرەپێدانی سەرمایەداری لە ئەمریکا

3- شیکردنەوەی ڕیشەکانی جەنگی ناوخۆ

1. شکستی حەزە شۆڕشگێڕانەکان لە جەنگی ناوخۆدا
2. واتا و چەمکی جەنگی ناوخۆ

**بەشی سێیەم: سێ ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆن لە ئاسیادا**

باسی حەوتەم: لاوازبوون و ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی چین و، ڕیشەکانی سەرهەڵدانی شێوازی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمۆنیستی

1. سیستەمی ئیمپراتۆری و چینە باڵاکان لە چین
2. ڕۆڵی ئەریستۆکراتەکان لە بازرگانیدا
3. لاوازی و بێتواناییی ئەریستۆکراتەکان لە چوون بەرەو کشتوکاڵی بازرگانی
4. ڕووخانی سیستەمی ئیمپراتۆری و سەرهەڵدانی شەڕخوازەکان
5. سەردەمی کۆمینتانگ و واتاکەی

6- جووتیاران و شۆڕش

باسی هەشتەم: ژاپۆن و فاشیزمی ئاسیایی

1. شۆڕش لە سەرەوە: کاردانەوەی چینە دەسەڵاتدارەکان بە هەڕەشە کۆن و نوێیەکان
2. هۆکاری سەرهەڵنەدانی شۆڕشی جووتیاری
3. سیاسەتی دەوڵەتی میجی دەربارەی کۆتاییهێنان بە پرسی زەوی و زار: خاوەن زەوییە نوێیەکان و سەرمایەداری
4. ئاکام و دەرهاوێشتە سیاسییەکان: سروشتی فاشیزمی ژاپۆن

باسی نۆیەم: هیندستان و دیموکراسیی ئاسیایی

1. پەیوەندیی هیندستان بە پرسی مۆدێرنیزاسیۆنەوە
2. هیندستان لە سەردەمی مەغۆلەکان و، بەربەستەکانی سەرهەڵدانی دیموکراسی لەو وڵاتەدا
3. پێکهاتەی کۆمەڵگەی لادێیی و بەربەستەکانی شۆڕشی جووتیاری
4. گۆڕانکارییەکانی هەڵقووڵاو لە دەسەڵاتداریی بریتانییەکان تاوەکوو ساڵی 1857
5. سەردەمی سەقامگیری و ئارامیی بریتانی: لە 1857 تاوەکوو 1947 یاخود بەهەشتی خاوەن زەوییەکان!

6- پەیوەندیی بورژوازی لەگەڵ جووتیارەکان لە ڕێگەی سیاسەتی ناتوندوتیژییەوە

1. شیکردنەوەیەك دەربارەی تایبەتمەندییەکانی توندوتیژیی جووتیاری
2. سەربەخۆیی: وەرچەرخان و گۆڕانکاریی ئاشتییانە و، نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی

پاشکۆ: تێگەیشتن و درکی شۆڕشگێری و پاشڤەڕۆخوازانە (کۆنەخوازانە)

**ناونیشانی پەرتووك:**

Barrington, Moore, (1966). **Social Origins of Dictatorship and Democracy: Lord and Peasant in the Making of the Modern World**, Beacon Press, Boston. ISBN0-8070-5073-3

بەشێك لەو چەمك و واتا نوێیە گرنگانەی کە لەم پەرتووکە و لە لایەن برینگتۆن مۆڕەوە بەکار هاتووە:

شۆڕشی پارێزگارانە لە سەرەوەڕا: (conservative revolution from above)

دەستەبژێرە خاوەن زەوییەکان: (landed elite)

خاوەن زەوییە سەرمایەدارەکان: ( capitalist-landlords)

سەرمایەداریی دیموکراتیک: (democratic capitalism )

کۆیلەداریی کشتوکاڵی: (plantation slavery)

سیستەمی کۆن: (ancient regime)

فەزیلەتە جووتیارییەکان: (peasant virtues )

خانەدان یاخود ئەریستۆکرات: ( aristocratic )

**بۆ دابەزاندنی پەرتووکەکە بە زمانی عەرەبی:**

https://ia801700.us.archive.org/27/items/freeyace_gmail_077/077.pdf

**بۆ دابەزاندنی پەرتووکەکە بە زمانی ئینگلیزی:**

http://polisci2.ucsd.edu/foundation/04Moore1966.pdf

**بەرهەمەکانی نووسەر:**

- Soviet Politics – The Dilemma of Power: The Role of Ideas in Social Change, Harvard University Press, Cambridge, 1950.
- Terror and Progress, USSR: Some Sources of Change and Stability in the Soviet Dictatorship, Harvard University Press, Cambridge, 1954.
- Political Power and Social Theory: Six Studies, Harvard University Press, Cambridge, 1958. Erweiterte Ausgabe: Political Power and Social Theory: Seven Studies, Harper & Row, New York, 1965.
- Barrington Moore, Jr., Robert Paul Wolff, Herbert Marcuse: A Critique of Pure Tolerance, Beacon Press, Boston, 1965.
- Social Origins of Dictatorship and Democracy: Lord and Peasant in the Making of the Modern World, Beacon Press, Boston, 1966. ISBN 0-8070-5073-3.
- Reflection of the Causes of Human Misery and on Certain Proposals to Eliminate Them, Beacon Press, Boston, 1972.
- Injustice: The Social Bases of Obedience and Revolt, M.E. Sharpe, White Plains, NY, 1978. ISBN 0-333-24783-3.
- Privacy: Studies in Social and Cultural History, M.E. Sharpe, Armonk, NY, 1983.
- Authority and Inequality under Capitalism and Socialism (Tanner Lectures on Human Values), Clarendon Press, Oxford, 1987.

- Moral Aspects of Economic Growth, and Other Essays (The Wilder House Series in Politics, History, and Culture), Cornell University Press, Ithaca, NY, 1993.ISBN 0-8014-3376-2
- Moral Purity and Persecution in History, Princeton University Press, Princeton, NJ, 2000. ISBN 0-691-04920-3.